سەماحەتی حەکیم لە دیداری دیپلۆمات و کەسایەتییە میسرییەکان : پالپشتی دەسەی فەلەستین دووپات دەکەینەوە لەگەڵ سەقامگیری عیراق و پتەوکردنی هاریکاری عەرەبی



لەچوارچێوەی سەردانێکی بۆ کۆماری میسری عەرەبی ، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە ماڵی عەراقییەکان لە قاهیرە بووە میوانی بەڕێز دکتۆر فەحتان ئەلجەنابی باڵیۆزی عێراق میسر لەوە لە دیدارێك کە چەندین دیپلۆماتی عەرەبی و میسری و کەسایەتی دیار ئامادەی بوون باس لە چەندین دەسەی گرنگی عەرەبی و هەرەمی کرا.

لەسەرەتای قسەکانیدا بەڕێز حەکیم باسی ڕەتی گرنگی میسری کینانەی کرد لە پالپشتی دەسەی فەلەستینی و ستایشی هەوڵەستی نەگۆڕی کرد لە پالپشتی کردنی مافەکانی گەلی فەلەستینی و هیوای خواست هەموو ئەو بانگشانە پووچەڵ بکرێنەوە کە داوای ڕاوانە کردن و ڕاگواستنەوەی فەلەستینییەکان دەکەن، لەژێر هەر بیانوێك بێت، دووپاتیشی کردەوە کە عێراق پالپشتی هەوڵەکانی کەرتی غەزە دەکات و لەگەڵ پاراستنی مافەکانی گەلی فەلەستینە لەسەر خاکی خۆیدا.

سەبارەت بە دۆخی عێراق، سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پاراستنی سەقامگیری دۆخی سیاسی عێراق، لەگەڵ دووپاتکردنی پالپشتی ئەرکەکانی حکومەتی عێراقی بۆ ئاوەدان کردنەوە، هەروەها ستایشی ئەو هەنگاوانەی کرد کە حکومەت لە پێناو پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری ئەنجامی داوە لەگەڵ ژێرخانیش، هەروەها پالپشتی عێراقی دووپات کردەوە بۆ هەوڵەستەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی کێشە جیاجاکانی سیاسی و هەرەمی و نەودەوڵەتی و ئاماژەی کرد کە گرنگە لووتکەی عەرەبی لە بەغدا لەدوای چەند ماڵێکی دیکە سەرکەوتوو بێت.

سەبارەت بە لایەنی ناوچەکە بەڕێز حەکیم باسی ڕووداوەکانی سووریای کرد و جەختی لەسەر هەوڵەستی عێراق کردەوە کە پێی باشە سەقامگیری لەسووریا بەرقەرار بێت و دوور بێت لە دەست تێوەردانی دەرەکی، داواشی کرد هەموو ئەرکەکان بەرەو پێکهێنانی پرۆسەیەکی سیاسی گشتی بێت کە هەموو پێکهاتەکانی سووریا لەخۆ بگرێت، ئەوەش گەشە و سەقامگیری لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

لەکۆتایی قسەکانی بەڕێز حەکیم باسی پێویستی هەماهەنگی و یەکبوونی عەرەبی کرد بۆ ئەوەی ناوچەکە لە مەلمەلانێ دوور بخرێتەوە، ئاماژەشی کرد کە دەبێت لە لووتکەی عەرەبی داهاتوو هەموو ئەو ناکۆکییە عەرەبییانە بن بە بکرێت، ئەویش لەڕێگەی گفتوگۆ و دەست بە خاڵە هاوبەشەکان بگیرێت و دوور بکەوێنەوە لە خاڵی ناکۆکی و بۆ ژیرانە ئیدارەی بکەن، لەگەڵ پێویستکردنی بنەما ئیسلامی و عەرەبییەکان و کار لەسەر کامڵبوونی عەرەبی بکرێت بۆ زامنکردنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی گەلەکانی ئەو ناوچەیە.